KOREK




زۆر نهێنی لەبارەی موعجیزەکەی ئۆڵیمپیاد...

# کوڕی پۆلیسەکە خاوەنی 39 ڕێکۆردی جیهانییە

ڕوودای وەرزشی - CNBC

مایکل فلیپس، مەلەزانی ئەمریکی، کە بە «موعجیزەی ئۆڵیمپیاد» ناودەبرێت، بەهۆی ئەوەی زۆرترین میدالیای لە مێژووی ئۆڵیمپیاددا بردووەتەوە، زۆر نهێنی لە ژیانی پڕ زەحمەتی خۆیدا شاردووەتەوە.

فلیپس، تەمەن 31 ساڵ، لە ئۆڵیمپیادی ریۆ 2016دا 6 میدالیا (5 زێڕ و زیوێک) بردەوەو ژمارەی میدالیاکانی لەمێژووی ئۆڵیمپیاددا گەیشتە 28 میدالیا (23 زێڕ، 3 زیو و 2 برۆنز). ئەو لە تەمەنی 7 ساڵی دەستی بە وەرزش کردووە، دایکی مامۆستا بووەو باوکیشی پۆلیس، بەڵام تەمەنی فلیپس 9 ساڵان بوو کە دایک و باوکی لێکجیابوونەوەو ژیانێکی پڕ لە زەحمەتییان بۆ خۆی و 2 خوشکەکەی جێهێشت. بەڵام سەختییەکانی ژیان ڕێگر نەبوون لەوەی فلیپس ببێتە موعجیزەی ئۆڵیمپیاد.

فلیپس زۆرترین ریکۆردیشی لە مێژوودا تۆمارکردووە، کە 39 ریکۆردە، 29 ریکۆردی تاکەکەسی و 10 ریکۆردی بەکۆمەڵ. ئەو نەخۆشی کورتبینینی هەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا لە تەمەنی 10 ساڵیدا ریکۆردێکی لەسەر ئاستی ئەمریکا شکاند. یەکەم وەرزشوانە لە تەمەنی 15 ساڵیدا بەشداری لە ئۆڵیمپیاد بکات، کە ئۆڵیمپیادی 2000ی سیدنی بوو، هەرچەندە ئەوکات نەیتوانی هیچ میدالیایەک بباتەوە.

سەیرترین شت لە ژیانی وەرزشیی فلیپسدا ئەو مەلەزانە سەنگافۆریەیە، کە لەم ئۆڵیمپیادەدا فلیپسی لە میدالیایەکی زێڕ بێبەشکرد، ئەو لە ئۆڵیمپیادی پەکین 2008دا منداڵێکی تەمەن 12 ساڵان بوو، ئەوکات وێنەیەکی یادگاری لەگەڵ فلیپس گرتووەو لە هەموو شتێک زیاتر شانازی پێوە دەکات.

WWW.RUDAW.NET

ڕوداو وەرزشی

ژمارە (412) سێشەممە 2016/8/16 25ی خەرمانان - 2716 (500) دینار

ڕۆژنامەیەکی وەرزشی هەفتانەیە کۆمپانیای ڕووداو بەسپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم دەریدەکات

ڕۆژنامەی خەبەری ئێرانی لەبەر ڕۆستەمی مانشێتی سەرەکی بە کوردی دەنووسێت..


# "چاوەکەم کیانۆش"

## "کیانۆش ڕۆستەمی ڕۆژانە 6 کاژێر بە تاکسی دەڕوات"

2




بۆ خۆزێ مۆرینیۆ ڕقی لە کریستیانۆ ڕۆناڵدۆیە؟



5

مێسی بە مەرج دەگەڕێتەوە



8

2 کەس نەیانهێشت پۆگبا بچێتە ریال مەدرید




3



# سوێدییەکان: داڵکورد یانەی نەتەوەیی کوردە

2

ڕووداو وەرزشی
ژمارە (412)
سێشەممە 2016/8/16



## هەڵە ناکەنەوە

دارەوان قادری ڕاهێنەری یانەی کەرکووک، لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداوی وەرزشی) گوتی «بۆ خۆئامادەکردن و بەشداریکردن لە خولی کوردستان، نامانەوێ هەڵەکانی ساڵانی ڕابردوو دووبارە بکەینەوە، ئەمجارە بەرنامەی باشمان هەیە، دەمانەوێ تیپێکی تۆکمە دروست بکەین و بە یاریزانانی خۆمانەوە بچینە نێو کێبڕییەکانی وەرزی نوێی خولی نایابی یانەکانی کوردستان». هەروەها گوتیشی «بەپێی زانیارییەکانی ئێمە ئیدارەی تیپەکەمان بەڵێنی ئەوەیان لە بەرپرسانی شارەکە وەرگرتووە کە هاوکاری بکرێن، بێگومان ئەگەر ئەو بەڵێنانە ببنە ڕاستی دەتوانین کاری زۆر باش بکەین».

کوردە پاڵەوانەکەی ئۆڵیمپیاد ئیدی خزمەتی سەربازی ئەنجام نادات..

# کیانۆش ڕۆژانە 6 کاژێر بە تاکسی دەڕوات

«کیانۆش مووچەیەکی کەم وەردەگرێت کە تەنیا بەشی خۆی دەکات»



«ڕۆژنامەی خەبەری وەرزشیی ئێرانی لەبەر ڕۆستەمی مانشێتی سەرەکی بە کوردی دەنووسێت»

**هەرێز جەمال**
**تایبەت بە ڕووداوی وەرزشی**

وەرزشوانێکی ئێران، کە کەسێکی نزیکە لە کیانۆش ڕۆستەمی پاڵەوانی کوردی ئۆڵیمپیاد، تایبەت بۆ (ڕووداوی وەرزشی) هەندێک نهێنی ئەو وەرزشوانە کوردە ئاشکرا دەکات و دەڵێت «کیانۆش مووچەیەکی زۆر کەم وەردەگرێت و هەندێجاریش هەر پێینادرێت». یەکێک لە گەورەترین ڕۆژنامە وەرزشییەکانی ئێرانیش، وەک ڕێزلێنانێک لەو پاڵەوانە کوردە، مانشێتی سەرەکی خۆی بە کوردی دەنووسێت.

کیانۆش ڕۆستەمی، یاریزانی بەرزکردنەوەی قورسایی هەڵبژاردەی ئێران، کە گەنجێکی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و خەڵکی شاری کرماشانە، لە ئۆڵیمپیادی ڕیۆ 2016دا توانی وەک یەکەم کورد میدالیایەکی زێر لە مل بکات، هەرچەندە بەناوی ئێران تۆمار دەکرێت، بەو پێیەی لەگەڵ هەڵبژاردەی ئێراندا بەشداری لە ئۆڵیمپیاددا کردووە.

ئەو پاڵەوانە کوردە، کە تەمەنی 26 ساڵە، میدالیای زێڕی لە کێشی 85 کیلۆگرامی بەرزکردنەوەی قورسایی بەدەستهێناو لەدوای سەرکەوتنە مێژووییەکەی، لە گرتەیەکی ڤیدیۆییدا بە زمانی فارسی پیرۆزبایی لە گەلی کورد کرد و گوتی «پیرۆزە لە هەموو گەلی کورد». لە گرتەیەکی دیکەشدا بە زمانی کوردی قسە دەکات.

کیانۆش ڕۆستەمی، نموونەی پیاوی لەخۆبوردەو پۆڵایینە، بەو پێیەی ڕووبەڕووی هەموو بارودۆخە سەختەکان بووەتەوە تاوەکو توانیویەتی ببێتە خاوەنی میدالیای زێڕی ئۆڵیمپیاد.

میهرام بهرامپای، وەرزشوان و کەسێکی نزیکی خانەوادەکەی کیانۆش، تایبەت بۆ (ڕووداوی وەرزشی) باسی هەندێک لەو بارودۆخە زەحمەتانە دەکات کە لە ژیانی کیانۆشدا هەن و سەرەڕای ئەوەش بووەتە پاڵەوانی ئۆڵیمپیاد «ئەو یاریزانە هەر لە منداڵییەوە خولیای وەرزش و بەرزکردنەوەی قورسایی بوو، ماوەی چەند ساڵێکە بووەتە یەکێک لە وەرزشوانە دیارەکانی ئێران و شاری کرماشان، بەڵام تاوەکو ئێستا بەپێی پێویست خزمەتی نەکراوە». میهرام بهرامپای لە درێژەی قسەکانیدا بۆ (ڕووداوی وەرزشی) دەڵێت «کیانۆش مووچەیەکی کەمی هەیە، تەنیا بەشی خۆی دەکات، جاری واش هەیە ئەو مووچەیەشی نییە، بۆیە مانەوەی لە تاران زەحمەتە، ئەگەر مەشق و خۆئامادەکردن بۆ خول و پاڵەوانیەتییەکانی لەپێش بێت ڕۆژانە ماوەی 6 کاژێر بە تاکسی دەڕوات تاوەکو لە کرماشانەوە دەگاتە شوێنی مەشقەکەی لە تارانی پایتەختی ئێران».

وەک ئەو وەرزشوانە نزیکەی خانەوادەی کیانۆش باسی دەکات، سەرەڕای ئەوەی ئەو دەسکەوتە مێژووییە ناوبانگێکی زیاتر بە کوڕە کوردەکە دەدات، بەڵام لە ڕووی ماددییەوە خزمەتێکی ئەوتۆ بە کیانۆش ناکات و دەڵێت «ئەوەی خانەوادەکەی دڵخۆشکردووە، تەنیا ئەوەیە کە کیانۆش ئیدی بەرگی سەربازی ناپۆشێت، چونکە لەلایەن وەزارەتی وەرزش و لاوانی ئێرانەوە نووسراوی فەرمی بۆ ئەو پاڵەوانە دەکرێت و بۆ بەرپرسانی ئەمنی وڵات دەنێردرێت، کیانۆش ئیدی خزمەتی سەربازی ئەنجام نادات».

میهرام بهرامپای، هەروەها گوتیشی «ماوەیەک بەر لە چوونە ئۆڵیمپیادی ڕیۆ 2016، کیانۆش لە ئەکادیمیای ئۆڵیمپیی تاران مایەوەو لەوێ بۆ ماوەیەکی زۆر لە هەموو شتێک دادەبڕا و تەنیا مەشقی دەکرد، کاتێکی کەمیشی بۆ خەوتن و پشوودان تەرخان کردبوو.

هەموو ڕۆژنامەکانی ئێران وەک پاڵەوانی وڵات پێشوازیان لە کیانۆش ڕۆستەمی کرد و ماوەی چەندین ڕۆژ بەشێکی زۆری لاپەڕەکانیان بۆ ئەو پاڵەوانە کوردە تەرخان کرد، تەنانەت ڕۆژنامەی خەبەری وەرزشیی، کە یەکێکە لە بەناوبانگترین و پڕفرۆشترین ڕۆژنامە وەرزشییەکانی ئێران، لەبەر خاتری ڕۆستەمی کە کوردە، لە ژمارە 5530ی ڕۆژی یەکشەممە 2016/8/14دا مانشێتی سەرەکی خۆی بە کوردی نووسیوە «چاوکەم کیانۆش».

کیانۆش ڕۆستەمی، توانی دوای بەرزکردنەوەی 396 کیلۆگرام، (179 خەتف+ 217 نەتر)، پلەی یەکەم و ژمارەی خۆشی بشکێنێت کە ئەمساڵ بە بەرزکردنەوەی 395 کیلۆگرام (175 خەتف+ 220 نەتر) دەستەبەری کردبوو. ئەو میدالیایەی کیانۆش حەفتەم میدالیای بەرزکردنەوەی قورسایی ئێرانە لە مێژووی یارییەکانی ئۆڵیمپیاددا، پاش هەریەکە لە محەمەد نەسیری ساڵی 1968 و حەسن تەوکلی و سێن ڕەزا زادە.

کیانۆش ڕۆستەمی، بەر لە 4 ساڵیش یەکێک بووە لەو وەرزشوانە کوردانەی بەناوی ئێران بەشداری لە ئۆڵیمپیادی لەندەن 2012دا کردووەو ئەوکاتیش میدالیای برۆنزی لە کێشی 85 کیلۆگرام بەرزکردنەوەی قورسایی بەدەستهێنا. ڕۆستەمی پێش دەسپێکردنی پێشبڕکێیەکانی ئەو ئۆڵیمپیادە، گوتی «بەڵێن بە گەلی ئێران و بەتایبەت گەلی کورد دەدەم کە میدالیایەکی ئۆلۆمپیاد بەدەستبهێنم». لە کاتی بەشداریکردنیشدا بەڵێنەکەی بردەسەر و لە ڕۆژی 2012/8/3 لە لەندەن چووە سەر شانۆی بەرزکردنەوەی قورسایی و توانی بە بەرزکردنەوەی کۆی 380 کیلۆگرام (171 کیلۆگرام خەتف+ 209 کیلۆگرام نەتر)، میدالیای برۆنزی بباتەوە، کە یەکەمین میدالیای شاندی وەرزشوانانی ئێران بوو لە ئۆلۆمپیادی 2012ی لەندەن.

ڕۆستەمی کورد، لە پاڵەوانیەتی لاوانی جیهانی ساڵانی 2010 و 2011شدا میدالیای زێڕی بردووەتەوە، هەروەها لە پاڵەوانیەتی لاوانی جیهانی 2011 بە باشترین یاریزانی جیهان دەستنیشانکراوە. لە هەمان ساڵدا میدالیای زیوی لە پاڵەوانیەتی جیهان لە پاریس بردووەتەوە، کە توانی 175 کیلۆگرام لە خەتف و 209 کیلۆگرام لە نەتر بەرز بکاتەوە. هەروەها لەهەمان ساڵدا مەدالیای زیوی لە پاڵەوانیەتی ئاسیاشدا بردەوە.

---

ڕەمەزان کزل، سەرۆکی یانەی داڵکوردی سوێدی، بۆ (ڕووداوی وەرزشی):

# هەوڵدەدەین (مێسی)یەکی کوردمان هەبێت

داڵکورد، ناوی یانەیەکی سوێدییە، بە ڕەنگ و دەنگ و ئاڵای کوردستانەوە بەشداری لە خولی تۆپی پێی پلە یەکی سوێد، کە پێی دەگوترێت «سوپەرتان» دەکات. بەشێکی زۆری یاریزانەکانی کوردن و چاویان لەوەیە بگەنە خولی ئالسڤێنسکان، کە خولی تۆپی پێی یانە نایابەکانە لە سوێد.

یانەی داڵکورد، ساڵی 2004 لەلایەن چەندین پەنابەری کوردی ئەو وڵاتەوە لە شاری بۆرلەنگی دروستکراوە، کاروانی وەرزشیی یانەکە لە خولی پلە حەفتەکانی سوێدەوە دەستپێکردووە. ئێستا نزیکبووەتەوە لە سەرکەوتن بۆ گەورەترین خولی وڵاتەکە، کە تاوەکو ئێستا بە کۆکردنەوەی 34 خاڵ پلەی چوارەمی ڕیزبەندی گرتووە.

(ڕووداوی وەرزشی) بۆ زیاتر ئاشناکردنی هاندەرانی کورد بە ڕەوشی ئەو یانەیە، هەڤپەیڤینێکی لەگەڵ ڕەمەزان کزل، سەرۆکی یانەی داڵکورد ئەنجامدا، کە یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی یانەکەو یەکەم سەرۆکی یانەکەیە، چەند ڕۆژێک لەمەوبەر سەردانی باشووری کوردستانی کردو لە ڕێگەی ئەو هەڤپەیڤینەوە چەندین نهێنی یانەکە و پلانەکانی داهاتووی ئاشکرادەکات.

هەڤپەیڤین: سامان وڵاتژێری

**ڕووداوی وەرزشی: ئەگەر پێناسەیەکی داڵکورد بکەی، ئێوە یانەیەکی کوردین یان سوێدی؟**

**ڕەمەزان کزل:** بەشێوەیەکی فەرمی یانەکەمان یانەیەکی سوێدییە، بەڵام لەژێر ئاڵا و دەنگ و ڕەنگی کوردستان یاری دەکەین. سوپاسی ئەو وڵاتە دەکەین بۆ ڕێگەپێدانمان بۆ یاریکردن بەو شێوەیە.

**ڕووداوی وەرزشی: داڵکورد لەم وەرزەدا تاوەکو ئێستا لە پلەی چوارەمی ڕیزبەندی خولی یانە پلە یەکەکانی سوێدە، تا چەند لە ئاستی یانەکەتان ڕازین؟**

**ڕەمەزان کزل:** لە ئاستی یانەکەمان ڕازی نین، دەبووایە ئێستا لە پلەی یەکەمی ڕیزبەندیدا باین، هۆکارەکەشی ئەوەیە یاریزانەکانمان درەنگ هاوئاهەنگیان پێکەوە دروستکرد، هەروەها یەکەمجارە بەشداری لە ڕکابەرییەکی ئەوەندە بەهێز دەکەین، کە بەڕاستی ئەمەش هۆکارێکی دیکەیە کە ئێستا لە پلەی چوارەمی ڕیزبەندین.

**ڕووداوی وەرزشی: لە سوێد چۆن باسی یانەکە دەکرێت و پێشوازی لێدەکرێت؟**

**ڕەمەزان کزل:** کاتێک داڵکورد یاریدەکات سوێدییەکان یانەکە بەناوی یانەی نەتەوەیی کورد ناودەبن، یانەکە دەکەنە نموونە بۆ دروستکردنی تیپێکی تۆکمە و بەهێز، ئێستا ئێمە یانەی داڵکورد وەک باشترین هۆکار بۆ بردنە پێشەوەی کورد لە وڵاتەکە دەبینین.

«سوێدییەکان یانەی داڵکورد بە یانەی نەتەوەیی کورد ناودەبەن»

**ڕووداوی وەرزشی: تاوەکو چەند هەوڵتان داوە لە تیپەکەتاندا شوێن بۆ یاریزانانی باشووری کوردستان بکەنەوە؟**

**ڕەمەزان کزل:** ئێستا لەگەڵ چەند یاریزانێکی باشووری کوردستان لە گفتوگۆداین بۆ ئەوەی پەیوەندی بە ڕیزەکانی یانەکەمانەوە بکەن، بەڵام جارێ ناتوانم ناوی ئەو یاریزانانە ئاشکرا بکەم.

**ڕووداوی وەرزشی: ژمارەی هاندەرانی یانەکە چەندەو چۆن پێشوازی لە یارییەکانی یانەکە دەکەن؟**

**ڕەمەزان کزل:** بەداخەوە ئێمە خاوەنی یاریگەیەکی بچووکین، کە لە ڕاستیدا بەپێی مەرجەکانی نوێی فیدراسیۆنی تۆپی پێی سوێدەوە ڕێگە پێدراو نییە، تەنیا جێگەی 6 هەزار و 500 کەسی تێدا دەبێتەوە. لە هەموو یارییەکانی یانەکەدا ئەو یاریگەیە پڕدەبێت لە هاندەران و بە ئاڵای کوردستان و ئاهەنگ و دیلانەوە پێشوازی لە یانەکە دەکرێت. بۆ وەرزی داهاتووش بڕیارمانداوە بچینە شارێکی دیکەو یاریگەیەکی گەورە، چونکە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ڕێژەی هاندەرانمان لە زیادبووندایە. لە هەمووی جوانتر ئەگەر تووشی شکستیش بین هاندەرانی یانەکە پشتی یانەکەیان بەرنادەن.

**ڕووداوی وەرزشی: پلانی داهاتووی یانەکە بۆ پێگەیاندنی یاریزان چییە؟**

**ڕەمەزان کزل:** ئێستا لە تیپی منداڵان 320 یاریزانمان هەیەو بەڕێژەی 90 % کوردن، ئامانجمانە یاریزانی کورد بۆ یانەکە دروستبکەین و منداڵەکانمان پەروەردە بکەین بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بتوانین مێسی کوردیشمان هەبێت.

«ئامانجی یەکەممان گەیشتنە بە خولی نایابی سوێدی، ئینجا چامپیۆنسلیگ»

**ڕووداوی وەرزشی: پلانتان نییە بۆ ئەوەی ئەکادیمیای تایبەت بە یانەکە بکەنەوە؟**

**ڕەمەزان کزل:** دەستەی بەڕێوەبردنی داڵکورد بڕیاریداوە لە ساڵی داهاتوودا 3 ئەکادیمیای تایبەت بە یانەکە، بۆ پێگەیاندنی یاریزان بکاتەوە، یەکێک لە سوێد، دووانەکەی دیکەش لە باشووری کوردستان لە هەردوو شاری دهۆک و هەولێر دەبن. بەشێکی زۆری کارەکان تەواوبوونە و تەنیا ماوە بەشێوەیەکی کردەیی دەست بەکار بکرێن.

**ڕووداوی وەرزشی: بیرتان لەوە نەکردووەتەوە یاریزانانی کوردی دەرەوەی کوردستان ببنە ڕیزەکانتان؟**

**ڕەمەزان کزل:** ئێمە پەیوەندییەکی زۆرمان لەگەڵ یاریزانانی کوردی ئەورووپا هەیەو بەردەوام قسەیان لەگەڵ دەکەین. لەبارەی پەیوەندیکردن بەیانەکەوە پێویستە تۆ لە پلەیەکی باشتر و بەهێزتر یاری بکەیت بۆ ئەوەی بتوانیت یاریزانی باش ببەیتە ڕیزەکانت، لەبەرئەوەش دەکرێت گواستنەوەی یاریزانانی کوردی دەرەوەی کوردستان بۆ یانەکە هەندێک ئەستەم بێت.

**ڕووداوی وەرزشی: بۆچی لەگەڵ میلاد زینادپۆری ئێرانی و یاریزانی پێشووی یانەی هەولێر نەگەیشتنە ڕێککەوتن؟**

**ڕەمەزان کزل:** کاتێک میلاد پەیوەندی بە ڕیزەکانی یانەکەوە کرد بۆ تاقیکردنەوە، لە ڕاستیدا نەیتوانی ببێتە جێگەی ڕەزامەندی ئێمە، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەبوو کە نەگەیشتینە ڕێککەوتن.

**ڕووداوی وەرزشی: ئامانجی داهاتووی یانەکەتان چییە؟**

**ڕەمەزان کزل:** سەرەتا ئامانجمانە بگەینە خولی نایابی سوێد و لەوێشەوە بەردەوام لە هەوڵدابین بۆ زیاتر بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان، تا گەیشتن بە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا کولنادەین.



«داڵکورد یانەیەکی سوێدییە بە ئاڵا و دەنگ و ڕەنگی کوردستان یاری دەکات»

---

# «یاریزانە سلڤادۆرییەکە زۆر لە یاریزانانی عێراقی هەرزانترە»

**کارزان کانەبی**
**تایبەت بە ڕووداوی وەرزشی**

سکرتێری یانەی وەرزشیی زاخۆ بە (ڕووداوی وەرزشی) ڕاگەیاند ئەمساڵ پێکهاتەیەکی جێگیریان هەیەو گوتیشی «نرخی ئەو یاریزانە سلڤادۆرییەی کڕیومانە زۆر لە یاریزانە عێراقییەکان هەرزانترە».



یانەی زاخۆ وەک یانەکانی دیکە پەنای بۆ یاریزانی بیانی پیشەگەر بردووە، بۆ ئەوەی پێکهاتەیەکی بەهێز بۆ ڕکابەرییەکانی ئەم وەرزە ئامادە بکات. خەلیل ئەحمەد، سکرتێری یانەی وەرزشیی زاخۆ لەو بارەوە بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت «دەمانەوێ ئەمساڵ ئەنجامی شایستە بەدەستبێنین، بۆیە گرێبەستمان لەگەڵ دوو یاریزانی پیشەگەر کردووە، یەکێکیان سلڤادۆرییە بەناوی ڕائوول و ئەوەی دیکەش سوورییە بەناوی خالد موبیر، ئەمانە یاریزانی پیشەگەرن و بە فەرمی لەگەڵ یانەی زاخۆ گرێبەستیان کردووە، ئێستا لە شاری زاخۆن، بەنیازی ئەوەشین یاریزانێکی دیکەی پیشەگەری سووری بگوازینەوە ڕیزی یانەکەمان بۆ ئەوەی کۆتایی بە هێنانی یاریزانان بهێنین».

ناوبراو هەروەها گوتیشی «ئێمە ئەمساڵ پێکهاتەیەکی جێگیرمان هەیە، کە تێکەڵە لە یاریزانانی کوردی خۆمان لە شارەکانی کوردستان و چەند یاریزانێکی شاری بەغداد و چەند یاریزانێکی پیشەگەر، بۆیە بەم یاریزانانە دەتوانین ئامانجی خۆمان بپێکین».

ئەو بەرپرسەی یانەی زاخۆ، لەبارەی گرێبەستی ئەو دوو یاریزانە پیشەگەرە، زیاتر گوتی «ئێمە بە نرخێکی گونجاو گرێبەستمان لەگەڵیان کردووە، کە زۆر هەرزانترن لە نرخی یاریزانانی عێراقی».

لەبارەی ئەنجامدانی کەمپی مەشقیش، خەلیل گوتی «ئێمە لە 20ی ئەم مانگە دەچینە ئەرمینیا بۆ ئەوەی کەمپێکی مەشق و ڕاهێنان لەم وڵاتە ئەنجام بدەین، لەگەڵ ئەنجامدانی چەند یارییەکی دۆستانە بۆ ئەوەی ئاستی یاریزانان هەڵسەنگاندنیان بۆ بکرێت و بەتەواوی ئامادە بکرێن بۆ چوونە نێو کێبرکێیەکانی خولی عێراقی».



## دەستگیر دەکرێت

ماڵپەڕی BBCی تورکی ڕایگەیاند فەرمانی دەستگیرکردن بۆ هاکان شوکوری ئەستێرەی پێشووی هەڵبژاردەی تورکیا و باوکی دەرچووە، چونکە تۆمەتی ئەوەی دراوەتە پاڵیان کە دەستیان هەبووە لەو کودەتایەی مانگی ڕابردوو لە تورکیا کراو شکستیهێنا. بەپێی ئەو ماڵپەڕە پۆلیسی تورکیا چوونەتە سەر ماڵی هاکان لە ئیستەنبوڵ، بەڵام دەستگیر نەکراوە، چونکە ئێستا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە. هاکان ساڵی 2011 لەگەڵ حزبی ئەردۆگان کورسییەکی پەرلەمانی تورکیای بردەوە، بەڵام دواتر دەستلەکارکێشانەوەی خۆی لەو حزبە ڕاگەیاندو بەوە تۆمەتبارکرا کە پەیوەندی بە فەتحوڵڵا گولەنەوە هەیە.

سەرەڕای ئەوەی ڕیال پارەی زیاتری پێداوەو خۆیشی زیاتر حەزی لە ڕیال بووە..

# 2 کەس نەیانهێشتووە پۆگبا بچێتە ڕیال مەدرید



**ڕایۆلا:** چۆن ڕێگە دەدەم پۆگبا بچێتە ڕیال مەدرید کە وەک خاولی حەمام مامەڵە لەگەڵ ئەستێرەکان دەکات

**پۆگبا:** دایکم هەمیشە پێیدەگووتم دەبێ بگەڕێیتەوە مانچێستەر یونایتد

**ماڵپەڕی ABC:** ڕیال مەدرید هەرگیز نەیویستووە گرێبەست لەگەڵ پۆگبا بکات

**ڕووداوی وەرزشی - MU4**

هێشتا پرسی نە ڕۆیشتنی پۆل پۆگبای ئەستێرەی فەرەنسی بۆ ریزەکانی یانەی ڕیال مەدریدی ئیسپانی و چوونی بۆ مانچێستەر یونایتدی ئینگلیزی بابەتێکی گەرمی میدیای جیهانییە، دوای ئەوەی ئاشکرابوو کە ئەو بڕە پارەیەی ڕیال مەدرید ئامادە بوو بیداتە ئەو زۆرتر بووە لەوەی مانچێستەر یونایتد پێیداوە.

بەپێی ڕۆژنامەی دایلی ئیکسپرێسی بەریتانی، ئەو یاریزانە زیاتر لە مانچێستەر یونایتد حەزی لە ڕیال مەدرید بووەو چەندینجاریش بە هاوڕێیانی گوتووە «زۆر حەزدەکەم زینەدین زیدان ڕاهێنەرم بێت». ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ئەو گرێبەستەی ڕیال مەدرید پێشکەشی کردبوو گرانتر بووە لەوەی مانچێستەر یونایتد، بەڵام دوو کەس نەیانهێشتووە ئەو کارە سەربگرێت و پۆگبایان ناچارکردووە بگەڕێتەوە ریزەکانی یانە کۆنەکەی، مانچێستەر یونایتدی ئینگلیزی. ڕۆژنامەی دایلی ئیکسپرێس لەو بارەوە نووسیویەتی «مینۆ ڕایۆلای بەڕێوەبەری کارەکانی پۆگبا و دایکی ئەو یاریزانە ڕێگر بوون لەوەی پۆگبا بچێتە ڕیال مەدرید». تەنانەت نووسیویەتی «پۆگبا ئاشکرایکردووە کە دایکی هەمیشە پێیگوتووە تۆ دەبێ بگەڕێیتەوە مانچێستەریونایتد».

### «پۆگبا ناچێتە یانەیەک کە ئەستێرەکان دەکوژێت»

دوای ڕۆیشتنی پۆل پۆگبای یاریزانی فەرەنسی بۆ ریزەکانی یانەی مانچێستەر یونایتدی ئینگلیزی و مایەپۆچبوونی هەوڵەکانی یانەی ڕیال مەدریدی ئیسپانی بۆ کڕینی ئەو یاریزانە، هەندێک لە ڕۆژنامەکان ئاماژە بۆ هۆکاری نە ڕۆیشتنی پۆگبا بۆ ڕیال مەدرید ئاشکرا دەکەن.

ئەو ڕۆژنامانە باس لەوە دەکەن کە مینۆ ڕایۆلای بەڕێوەبەری کارەکانی پۆگبا هەرگیز ڕێگەی نەدەدا ئەو یاریزانە بچێتە ڕیال مەدرید بەهۆی خراپی پەیوەندییەکانی لەگەڵ فلۆرەنتینۆ پیرێزی سەرۆکی یانەی شاهانە. بۆ ئەوەش بەڵگە بە لێدوانێکی پۆگبا دەهێننەوە کە ساڵی 2014 لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی لیکیپی فەرەنسی داویەتی و گوتوویەتی «هەرگیز ڕێگە نادەم پۆگبا بچێتە ڕیال مەدرید، چونکە ئەو یانەیە ئەستێرەکان دەرووخێنێت، بە ڕێگەیەکی گونجاو مامەڵەیان لەگەڵدا ناکات و دەیانکوژێت». هەروەها ڕایۆلا لەو هەڤپەیڤینەدا دەڵێت «ڕیال مەدرید وەک خاولی حەمام مامەڵە لەگەڵ ئەستێرەکان دەکات، چۆن بیەوێ بەکاریان دەهێنێت و لەدواییشدا بەجێیان دەهێڵێت». هەروەها دەشڵێت «ڕیال مەدرید بە نرخێکی گرانبەها گرێبەستی لەگەڵ جیمس ڕۆدریگز کردووە لەبەرئەوەی تەنیا لە 6 یاری مۆندیالدا ئاستێکی بەرزی پێشکەش کردووە».

### دایکی پۆگبا درێسەکانی بۆ خۆی دەفرۆشێت

دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئینگلتەرا، زۆر چاوەڕێیان نەکرد و زوو خۆیان خزاندە نێو ژیانی تایبەتی، پۆل پۆگبای یاریزانی تازەی مانچێستەر یونایتدەوە.. گاڵتەیان بە دایکی پۆگبا کرد، کە چەند وێنەیەکی لە نزیکی شوێنی مانەوەی لە هوتێلێکی گەورە لە مانچێستەر گیراوە و هەندێ کیسی لەدەستە، درێسی مان یونایتدی تێدایە، درێسی ژمارە 6، ئەوەش پاڵی بەو قەڵەمانە وەناوە بڵێن «دایکی پۆگبا دەیەوێ ئەو درێسانە بفرۆشێ، بۆ ئەوەی پارەی زیاتری دەستکەوێ (بەهای هەر درێسێک دەگاتە 100 یۆرۆ)». بەڵام لە ڕاستیدا وانییە، بەڵکو وەک سەرچاوەیەکی نزیک لە دایکی پۆگبا باسیکردووە «ئەو ژنە ئەو درێسانەی وەرگرتووە بۆ ئەوەی بیانکاتە دیاری بۆ دۆست و ناسیاوەکانی».

### پۆگبا دەبووە مەترسی بۆ ڕیال مەدرید

چەند ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەڤانی ئیسپانی، ئاماژە بۆ هۆکارێکی دیکە دەکەن کە بووەتە هۆی ئەوەی پۆگبا نەچێتە ڕیال مەدرید و دەڵێن «زیدانی ڕاهێنەری ڕیال مەدرید خۆی پاشگەز بووەتەوە لە کڕینی پۆگبا».

بەپێی ئەو ڕاپۆرتانە ڕیال مەدرید خۆی ڕازی نەبووە پۆل پۆگبا لە یانەی یوڤانتۆسەوە بگوازێتەوە ریزەکانی، ئەوەی بەم دواییە چووە ریزەکانی مانچێستەر یونایتدی ئینگلیزییەوە. ماڵپەڕی ABC لەو بارەوە نووسیویەتی «ڕیال مەدرید بەهیچ شێوەیەک ڕازی نەبوو گرێبەست لەگەڵ پۆل پۆگبا بکات، دوای ئەوەی زانی کە لەوانەیە نرخەکەی لە 100 ملیۆن یۆرۆ ڕەت بدات». ماڵپەڕەکە بەگوێرەی چەند سەرچاوەیەکی نزیک لە ڕیال مەدرید دووپاتیشی دەکاتەوە، کارگێڕی شاهانە لە ژووری جلگۆڕینی تیپەکەی دەترسا، لە بوونی پۆگبا لەنێوی، ئەگەر نرخەکەی بگاتە ئەو ژمارەیە، چونکە پێدەچوو قەیران لەنێو ئەستێرەکانی تیپەکە دروست ببێت.

ڕیال مەدرید خاوەنی دوو گرانترین یاریزانە لە جیهاندا، ئەوانیش ئەستێرەی پورتوگالی کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ و گاریس بەیلی وێڵزی، کە هەردووکیان بۆ وەرگرتنی خەڵاتی باشترین یاریزان لە کیشوەری ئەوروپا پاڵێوراون. پێگەکە ئاماژە بەوەش دەکات «پۆگبا دەیویست بچێتە ڕیال مەدرید، دواکەوتنی دەستەوارەکەش بەهۆی گفتوگۆی نێوان پۆگبا و ڕاهێنەری ڕیال زینەدین زیدان بوو، کە نزیکەی یەک مانگی خایاند، بەر لەوەی پۆگبا بیر لە مانچێستەر یونایتد بکاتەوە». پێگەکە دەشڵێت «زیدان سەیری هێڵی ناوەڕاستی ڕیال مەدریدی دەکرد، بەر لەوەی گرێبەست لەگەڵ پۆگبا بکات، خاوەنی 3 یاریزانی وەک کاسیمیرۆ، مۆدریچ و کرووسە، بێجگە لە بوونی ئەسینسیۆ، خامیس ڕۆدریگز، ئیسکۆ و کۆڤاسیچ، بۆیە بڕیاریدا لە دەستەوارەکە دووربکەوێتەوە، چونکە نرخەکەی زۆر گران بوو».

لەوانەیە ناوی ڕۆناڵدۆ بە کارەساتی ئاسمانی ببەسترێتەوە..

# فڕۆکەخانەی CR مەترسیدارترین فڕۆکەخانەی جیهانە

**ڕووداوی وەرزشی - DW**

هەرێمی مادێرای پورتوگالی، ڕێزی لە ئەستێرە کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ نا، دوای ئەوەی نازناوی یۆرۆی بەدەستهێنا، ئەویش کاتێک بڕیاریدا فڕۆکەخانەی شاری فونشال، زێدی ڕۆناڵدۆ و پایتەختی دورگەی مادێرای پورتوگالی بەناوی ئەو بکات، وەک ڕێزلێنانێک لە داهێنانەکانی، بە گوێرەی ڕاگەیاندراوی میگێل ئەلبوکێرکی سەرۆکی هەرێمەکە.

ئەو فڕۆکەخانە نێودەوڵەتییە، کە ناوی لە (فڕۆکەخانەی مادێرای نێودەوڵەتی)یەوە کرایە (فڕۆکەخانەی کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ)، یەکێکە لە مەترسیدارترین فڕۆکەخانەکانی جیهان بۆ فڕۆکەکان، بەتایبەتی لە مەسەلەی نیشتنەوە لەسەر پەیژەی فڕۆکەخانەکە. فڕۆکەخانەکە دەکەوێتە شاری سانتاکرۆز لە دورگەی مادێرا لە پورتوگال، پەیژەیەکی کورتی هەیە و دەکەوێتە نێو چەندین چیای بەرز و لە زەریاش نزیکە، ئەوەش وایکردووە ببێتە یەکێک لە مەترسیدارترین فڕۆکەخانەکانی جیهان. لەوانەیە ناوی ئەستێرەکەی ڕیال مەدرید و هەڵبژاردەی پورتوگال بە کارەساتی ئاسمانی ببەسترێتەوە، چونکە ئەو فڕۆکەخانەیە چەندین ڕووداوی بەخۆوە دیتووە، بەهۆی ئەو ئاستەنگانەی فڕۆکەوانەکان لە کاتی نیشتنەوە ڕووبەڕووی دەبنەوە، بەهۆی شوێنەکەی و تەوژمە ئەستەمەکانی هەواوە، کە وایکردووە نیشتنەوە بۆ باشترین فڕۆکەوانیش زۆر ئاڵۆز بێت، بە ڕاددەیەک بە ئاسانی ڕەزامەندی نیشتنەوە بە کاپتنی فڕۆکە لەسەر پەیژەکەی نادرێت.

ئەو فڕۆکەخانەیە بە فەرمی لە 1964/7/18 کراوەتەوەو لە ساڵی 1974 ژمارەی ئەو کەسانەی سەردانی شارەکە دەکەن زیادی کردووە، بۆیە بڕیاردرا فڕۆکەخانەکە فراوان بکرێت، بۆ ئەوەی ژمارەیەکی زیاتر خەڵکی لەخۆ بگرێت، بەمەش توانای لەخۆگرتنی فڕۆکەخانەکە کرایە 500 هەزار کەس. لەوانەیە لەمەودوا ژمارەی سەردانیکەرانی زیاتریش بێت، دوای ئەوەی ناوەکەی بەناوی باشترین یاریزانی جیهان کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ کرا.



ڕاپۆرتێکی گاڵتەجاڕانە لە ڕۆژنامەی MIRRORی بەریتانی..

# ئەمانە لە وەرزی ئەمساڵی پرێمەرلیگدا ڕوودەدەن

**ڕووداوی وەرزشی - MIRROR**

ڕۆژنامەی میرۆری بەریتانی لە ڕاپۆرتێکدا کە بەشێوەیەکی گاڵتەئامێز نووسیویەتی، پێشبینی ڕوودانی چەند بەسەرهات و ڕووداوێک دەکات کە پێیوایە ئەوانە لە وەرزی ئەمساڵی پرێمەرلیگدا ڕوودەدەن:

- خۆزێ مۆرینیۆ دەڵێت «بەسە چیدی باسی پیپ گواردیۆلا ناکەم»، بەڵام لە یەکەم یان دووەم کۆنگرەی ڕۆژنامەنووسی خۆیدا دەست بە ڕەخنەگرتن لە گواردیۆلا دەکاتەوە.
- کاتێک پۆگبا یەکەم پاسی هەڵەی خۆی بە درێسی مانچێستەر یونایتدەوە دەدات، هەمووان هاوار دەکەن «پارەکەمان بەهەدەر چوو».
- ژمارەیەکی زۆر لە پیاوە تەمەن نیمچە زۆرەکانی بەریتانیا دەستدەکەن بە لاسایی کردنەوەی پیپ گواردیۆلا لە جل پۆشین.



- ئارسین ڤینگەر لەدوای یاری یانەی ئارسیناڵ بەرامبەر ستۆک ستی دەڵێت «یاریزانەکانمان لە ڕووی توانای جەستەییەوە خراپ بوون».
- ئەنتۆنیۆ کۆنتی هەڕەشەی کوشتن لە یاریزانێکی دەکات لەگەڵ چێلسی، وەک چۆن لەگەڵ هەڵبژاردەی ئیتاڵیاش لە یۆرۆی 2016دا کردی.
- ئیدی خەڵک بە هەموو ئەو پڕوپاگەندانە باوەڕ دەکات کە باس لە گرێبەستە 100 ملیۆن یۆرۆییەکان دەکەن.
- هاندەرانی مانچێستەر ستی گۆرانی «پارە ستۆنزمان بۆ دەکڕێت»، کە پێشتر هاندەرانی ئێڤەرتۆن گۆرانی «پارە ستۆنز ناکڕێت»یان دەگووتەوە.
- دانی وێلباک ریکۆردی جاک ویلشێر و دانیال ستۆریدج دەشکێنێت لە ڕووی تووشبوون بە زۆرترین پێکان.
- مایکل ئۆین بەردەوام دەبێت لە گوتنی ئەم ڕستەیە «گرنگترین ئاماری ئەم یارییە ئەنجامی بردنەوە بوو».
- بەرپرسانی تۆتنهام دەڵێن «هاری کەین بەهیچ نرخێک نافرۆشین»، هەرچەندە باش دەزانن کە نرخەکەی ئەوەندە زۆر نییە.







ئینتەرنێتی EXTRA G بە ئارەزووی خۆت لەگەڵ 3 کەس بەش بکە

ئینتەرنێتی EXTRA G بەسەر خزم و دۆستانت بەش بکە لە هەر شوێنێکی عێراق بن بەشێوازێکی ئاسان و خێرا

- ئەم خزمەتگوزارییە بەردەستە بۆ سەرجەم بەشداربووانی ئێکسترا و ئێکسترا VIP و ئێکسترا پلەس.
- بۆ کاراکردن: سەردانی ماڵپەڕی "بژاردەکانم" بکە لەڕێگەی ئەم لینکە selfcare.korektel.com هەروەها هەژمارێک بۆ خۆت دروست بکە بۆ مەبەستی بەشداریکردن لە ئینتەرنێت.
- دەتوانی ئینتەرنێت بەش بکەی بەسەر 3 ژمارە یاخود بە ئامێرێک کە پاڵپشتی سیمکارت بکات (Korek Modem, Korek Hotspot, Tablet, Mobile ,....) تەنانەت ئەگەر لە هەمان شوێنیش نەبن.
- ماوەی بەردەستبوون: هەمان ماوەی بەردەستبوونی ئەو پاکێجەی هەیە کە بەشداریت لێی کردووە.
- دەتوانی ژمارەکان زیاد بکەی و بیان سڕیتەوە هەروەها دەتوانی قەبارەی هەر بەکارهێنەرێک دیاری بکەی.

| پاکێجەکان | ئێکسترا | ئێکسترا VIP | ئێکسترا پلەس |
|---|---|---|---|
| قەبارە | 10 GB | 20 GB | 40 GB |
| کاراکردنی پاکێج (د.ع.) | 40,000 | 60,000 | 90,000 |
| ماوەی بەردەستبوون | 30 ڕۆژ | 30 ڕۆژ | 30 ڕۆژ |
| کاراکردنی بەشداربوونی داتاکان (د.ع.) | 7,000 | 6,000 | 5,000 |
| زیادکردنی بەشداربوو (د.ع.) | 5,000 | 4,000 | 3,000 |

411

korektel.com

KOREK



## درۆیە

رۆژنامەی دایلی مەیلی بەریتانی ئەو دەنگۆیانەی رەتکردەوە کە باسیان لە رەزامەندی ئەنتۆنیۆ کۆنتی راهێنەری نوێی یانەی چێڵسی ئینگلیزی دەکرد بۆ رۆیشتنی نیمانیا ماتیچی یاریزانی سربی لە یانەی لەندەنییەوە بۆ یانەی یوڤانتۆس. ئەو رۆژنامەیە لەو بارەوە نووسیویەتی «درۆیە، کۆنتی نەک هەر رازی نەبووە دەستبەرداری ماتیچ بێت، بەڵکو کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ کردووەو پێی راگەیاندووە کە لەگەڵ ئەودا رۆڵێکی کاریگەری لە تیپەکەیدا دەبێت و ماتیچیش رازی بووە بمێنێتەوە».

### خۆزێ پێیوایە کریس بێوەفا بووە بەرامبەر ئەو هەموو چاکەی پێیکردووە..

# بۆچی مۆرینیۆ رقی لە رۆناڵدۆیە

## "مۆرینیۆ لەسەر دۆن شەڕی فیفای کردو تەنانەت لەبەر ئەو سووکایەتی بە مێسی کرد"

**رووداوی وەرزشی ـ GULF NEWS**

زۆر کەس پرسیار لەوە دەکەن کە بۆچی خۆزێ مۆرینیۆی کۆنە راهێنەری کریستیانۆ رۆناڵدۆ، ئێستا ئەوەندە رقی لە دۆن دەبێتەوە؟ لە کاتێکدا ئەو راهێنەرە زۆر شەڕی لەسەر یاریزانەکە کردووەو تەنانەت لەبەر خاتری ئەو سووکایەتی بە فیفا و لیۆنێل مێسی باشترین یاریزانی جیهان کردووە.

### مۆرینیۆ دانووی لەگەڵ رۆناڵدۆ ناکوڵێ!

ئەوەی لەلایەن راهێنەری پورتوگالی خۆزێ مۆرینیۆوە روودەدات شتێکی ئاسایی نییە، چونکە هیچ دەرفەتێکی راوکردنی رۆناڵدۆ لەدەست نادات و هەمووی دەقۆزێتەوە. سەرەتای قسەکانی لەبارەی رۆناڵدۆی راستەقینە بوو، پاشان بە کەسێکی خۆپەرست و وا وەسفکرد، کە هەموو شتێک دەزانێ، بەم دواییەش بەشێوەیەکی ئاشکرا بۆ دەستنیشانکردنی باشترین یاریزان لە مێژوودا، لیۆنێل مێسی بەپێش رۆناڵدۆ خست، چەند رۆژێکیش پێش ئێستا بەم قسەیە کۆتایی پێهێنا "رۆناڵدۆ هیچ کاریگەری بەسەر یاری کۆتایی یۆرۆدا نەبوو"، رۆناڵدۆش بە وێنەیەک لەسەر ئەژمارەکانی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەڵامی مۆرینیۆی دایەوە.

### لەبەرچی رۆناڵدۆ؟

ئەو ماوەیەی لە ریال مەدرید بوو، مۆرینیۆ ماوەی درێژتر لە رۆناڵدۆ لەگەڵ یاریزانی دیکە لە جەنگدا بوو، کە تەنیا لە نیوەی دووەمی دوایین وەرزیدا ساردی کەوتە نێوانیان. پەیوەندی لەگەڵ ئێکەر کاسیاس هەر لە یەکەم وەرزەوە گرژی تێکەوت، ناکۆکی بەردەوامی لەگەڵ سێرجیۆ رامۆسیش هەبوو، کە لە یەکەیەکی راهێناندا گوتی "یاریزانی تۆپی پێ نەبوو، ناتوانێ بزانێ ئەوەی ئێمە دەیزانین". وەرزێکی خراپیشی لە پەیوەندی لەگەڵ هاوڵاتیەکەی پیپی بەسەربرد، کە ڤارانی لەو پێباشتر بوو، بێجگە لەوەی پەیوەندی بە هاوڵاتییەکەی دیکەی ڤابیۆ کۆینتراویش باش نەبوو، دوا ئەوەی دەرکەوت کۆینتراو جگەرە دەکێشێ، بۆیە مۆرینیۆ هەڕەشەی لێکرد لە هاوینی 2013 دەیفرۆشێ، بەڵام ئەوە رووینەدا، چونکە مۆ چووە چێڵسی. جاران لێدوانی سەرنجڕاکێش بەرامبەر مۆرینیۆ هەبوو، وێسلی شنایدەر "من ئامادەم لە پێناوی مۆرینیۆ بمرم". ئیسیانی غانی گوتی " مۆرینیۆ وەکو باوکمە"، کارڤالیۆی پورتوگالی گوتی "بۆ مەلەکردنیش دەچم ئەگەر لە ژێر سەرپەرشتی خۆزێ بێت".. مۆرینیۆ شتی زۆری پێشکەش بەو کەسایەتیانە کردن بۆیە ئەوانیش بەشێوەیەکی جوان وەڵامیان دایەوە، ئەو شتەش بەشێوەیەکی نموونەیی لەگەڵ کەسایەتی خۆزێ هاوتایە، چونکە کەسێکی هەست ناسکە و شتەکان زۆر بە ئاسایی وەردەگرێ.

### رۆناڵدۆ خۆفرۆشە

ئەو کاتەی مۆرینیۆ چووە ریال مەدرید، رۆناڵدۆ دەستەوارەیەک بوو، کە دەبوو پاساو بۆ نرخەکەی بهێندرێتەوە، چونکە وەرزی یەکەمی لەگەڵ مانوێل پلگرینی زۆر باش نەبوو، سەرەتای وەرزی یەکەمیشی لەگەڵ مۆرینیۆ باش نەبوو، نەخاسمە دوای دۆڕان بە 5 گۆڵ بەرامبەر بارسیلۆنا. مۆرینیۆ لەبارەی ئەو ماوەیە دەڵێت "توانیمان بارودۆخ و سیستمێک لەسەر یاریگە دابێنین، کە تواناکانی کریستیانۆ رۆناڵدۆ دەربخات، بەمەش توانی زۆرترین گۆڵ تۆمار بکات، بەمەش دەتوانین لە سەرەتا ئارامەکەی بگەین، پاشان تەقینەوەو گەیشتن بە 40 گۆڵ لە خولی ئیسپانیا، وەک یەکەم یاریزان ئەوە بکات لە مێژوودا".

بەشی دووەم لەوەی مۆرینیۆ پێشکەشی رۆناڵدۆی کرد، گرتنەبەری جەنگێکی گەرم بوو لەگەڵ راگەیاندنەکان لە پێناویدا، لەو ماوەیەدا پرۆژەیەکی روون بۆ بەشەیتانکردنی رۆناڵدۆ هەبوو، بەڵام هاووڵاتییەکەی رۆڵێکی گەورەی داکۆکیکردن لێی گێڕا، چەندین جەنگیشی لەپێناو تۆپی زێڕین گرتەبەر، نەخاسمە لە ساڵی 2012، بەڵام لەدەستیدا، گومانیشی لەبارەی خەڵاتەکە خستەروو کە گوتی "بارسێلۆنا کارێکی بازاڕکردنی نایابی کردووە، ئەمەش باڵۆن دۆر بە مێسی دەبەخشێ". مۆرینیۆ لە ئاداری 2013 بوێری زیاتری لە رۆناڵدۆ نواند، رۆناڵدۆ خۆی وا وەسفکردبوو باشترین یاریزانە لەدوایین 20 ساڵدا، بەڵام مۆرینیۆ لەبارەیەوە گوتی"باشترین یاریزانە لە مێژوودا، لە مارادۆنا و پێلێ رەتداوە".

### مۆرینیۆ تۆڵە دەکاتەوە

بە گوێرەی کەسایەتی مۆرینیۆ بێت، دوای ئەوەی لەپێناو رۆناڵدۆ کردی، لە ناوەوەو دەرەوەی یاریگە، پێشبینی هەڵوێستی باشتری لێدەکرا، کاتێک شتەکان زیاتر گریان گرت، رۆژنامەکانی ئیسپانیا جەنگێکی گەرمیان لەدژی بەرپاکرد، بێئەوەی هیچ رێز لە بنەماکانی پیشەکە بگرن، نەخاسمە دوای دانیشاندنی کاسیاس لەسەر کورسی یەدەگەکان لە یاری مەلەگەوە، بەڵام تاسا کاتێک بینی رۆناڵدۆ زیاتر بەلای پیپی و کۆینتراوەوە دەچێت، بەمەش بەرەی سێیەم لەنێو تیپەکە دروست بوو، بەرەی پشتیوانیکردن لە راهێنەر بە سەرکردایەتی ئەربیلوا، لەگەڵ جەنگاوەری رەها بەسەرکردایەتی کاسیاس و رامۆس، لەگەڵ جەنگاوەرێکی دیکە بەهۆی کێشە و ناکۆکییەکان بە سەرکردایەتی رۆناڵدۆ. مۆرینیۆ وا هەستی کرد رۆناڵدۆ سپڵەیە، لەوانەیە ناپاکی لەوەش کردبێت کە بەڵێنیان لەسەری دابوو، بۆیە بەردەوام و بە ئاشکرا رەخنەی لێدەگرێت، ئەوەش پاڵی پێوە دەنێت بەردەوام لە هەوڵی وەلانانی بێت لە راگەیاندنەکاندا، لەو گوڕەپانەی کە بەوردی لێی شارەزایە.. گوڕەپانی راگەیاندن، ئەو باش دەزانێت گۆڵکاری مێژوویی پورتوگال و ریال مەدرید، بە ئاسانی بەرامبەر لێدوانەکان هەڵدەچێت، وەک ئەوەی بڕیاری دابێت واز لە تووڕەکردنی نەهێنێت، وەک جۆرێک لە سەلماندنی ئەوەی کە لە دوایین وەرزی لە ریال مەدرید گوتی "پەیوەندیم لەگەڵ کریستیانۆ کۆتایی هات، لەو کاتەوەی پێیوابوو هەموو شتێک دەزانێت".

بە بۆچوونی زۆر لە خەڵکی رۆناڵدۆ هیچ هەڵەیەکی نەکردووە. وەک پیشەگەرێک دەرکەوت پارێزگاری لە هاورێکانی بکات، بەڵام بەبۆچوونی مۆرینیۆ چیرۆکەکە ئەوەیە، کە لە لێدوانەکاندا دەیبینین.



"چاودێران پێیانوایە رۆناڵدۆ پیشەگەرانە مامەڵەی کردووە کاتێک لەدژی مۆرینیۆ بەرگری لە رامۆس و پیپی کردووە"



# داعش بەدوای یاریزانێکی جەزائیرییەوەیە

**رووداوی وەرزشی ـ SPORT**

هاندەرانی یانەیەکی رۆمانی، بەشێوەیەکی سەیر رق و قینەی خۆیان لە یاریزانێکی جەزائیری یانەکەیان دەردەبڕن و ئەو یاریزانە بە داعش ناو دەبەن، ئەویش لە بەرامبەردا داوا لە یانەکەی دەکات رێگەی پێبدات بڕوات.

جەماوەری یانەی ستیوا بوخارستی رۆمانی، ئەو کردەوەیەی یاریزانی جەزائیری، یوگرتە حەمرونی قبوڵ نەکرد، کاتێک لە تیپەکە یاخی بوو و لە یەکەیەکی راهێنانەکان ئامادە نەبوو، بۆیە کۆمەڵێک لە هاندەرانی ئەو یانەیە بۆ تۆڵەسەندنەوە لەو یاریزانە روویان کردە بنکەی راهێنانەکانی یانەکە و قسەی زۆر توند و رەگەزپەرستانەیان بە یاریزانەکە گوت و هاواریان دەکرد «ISIS واتە رێکخراوی داعش و بۆمبا». ئەمانە دەیانویست بەمشێوەیە حەمرون تووڕە بکەن، کە لە جێگەی خۆی نەوەستا و رووی لەو هاندەرانە کرد و وەڵامی دانەوە، بەمەش نێومالی ستیوا بوخارست تووشی پشێوی بوو، پێش یاری سپارتا براگی چیکی لە قۆناخی شیاندنی چامپیۆنسلیگدا. ئەگەرچی یانە رۆمانییەکە توانی بلیتی سەرکەوتن بۆ دوا قۆناخی شیاندنی چامپیۆنسلیگ بباتەوە، دوای ئەوەی لە یاری چووندا بە گۆڵێک یەکسان بوو، لە یاری گەڕانەوەشدا بە 2 گۆڵی خاوێن لە سپارتا براگی بردەوە، بەڵام ئەرکی ئەمجارەی زۆر قورسە، چونکە رووبەڕووی یانەی مانچێستەر ستی ئینگلیزی دەبێتەوە.

ئەو رۆڵەی شاری تیزی ئۆزۆ داوای لە کارگێڕی یانەکەی کردووە، رێگەی پێبدەن بەرەو یانەی سەدی قەتەڕی بڕوات، کە گرێبەستێکی باشی پێشکەش کردووە، بەڵام ستیوا بوخارست بە گرێبەستەکەی سەد رازی نەبوو، کە خۆی لە 2 ملیۆن یۆرۆ دەدات و داوای زیاتر لە 3 ملیۆن دەکات. بۆیە هێشتا چارەنووسی حەمرون دیار نییە، ئایا لەگەڵ جەماوەری یانە رۆمانییەکە ئاشت دەبێتەوە، یاخود جارێکی دیکە یاری بۆی ناکاتەوەو دەچێتە یانەیەکی دیکە.




رۆناڵدۆ نموونەیەکی خراپە بۆ منداڵان بەهۆی لەخۆباییەکەی، هەمیشە حەزدەکەم یانەکەی ئەو بیباتەوە، بەڵام خۆی گۆڵا نەکات بۆ ئەوەی درێسی خۆی لەبەرنەکاتەوەو جەستەی خۆی نمایش نەکات

ئێلینا ئانایا
(کچە هونەرمەندی بەناوبانگی ئیسپانی)



ریال مەدرید بەهۆی چانسەوە نییە کە لەدوا خولەکەکاندا گۆڵ دەکات و نازناوەکان دەباتەوە. بەهۆی ئەوەیە کە یاریزانەکانی تاوەکو دواچرکە بێئومێد نابن و خۆبەدەستەوە نادەن

دانی کارڤاخال
(بەرگریکاری یانەی ریال مەدرید)



بەڕای من رۆجێر فیدرێر باشترین وەرزشوانی جیهانە، چونکە بە هەموو مانای وشە وەرزشوانێکی پیشەگەر و رەوشتبەرزە. دەبێ هەمووان چاو لەو بکەن

ئەندریا پێرلۆ
(ئەستێرەی پێشووی هەڵبژاردەی ئیتاڵیا)



باکەس بە قسەکانم پێنەکەنێت، ئامانجی ئەمساڵی لیستەر سیتی تەنیا کۆکردنەوەی 40 خاڵ و مانەوەیە لە پرێمەرلیگ

کلاودیۆ رانیێری
(راهێنەری یانەی لیستەر ستی)



نەیمار بەم نزیکانە دەبێتە باشترینی یاریزانی جیهان. بەڵام ئەگەر بەرازیلییەکان بەردەوام بن لە بێزێزی کردن بەرامبەری دڵنیام واز لە یاری نێودەوڵەتی دێنێت

رۆجێریۆ میکایلی
(راهێنەری هەڵبژاردەی ئۆلیمپی بەرازیل)



فێربوونی زمانی ئەڵمانی گەورەترین کێشەمە. من پێشتر فێری ئینگلیزی و ئیسپانی و فەرەنسی و پورتوگالی بوومە هەرگیز وەک ئەڵمانی قورس نین

کارلۆ ئەنچیلۆتی
(راهێنەری یانەی بایرن میونشن)



## لێی توورِن

بێجگە لەوەی بەشـێکی زۆری هاندەرانی یانەی بارسـێلۆنا خۆشـیان ناوێ بەهۆی ئەوەی نەیتوانیوە ئاستێکی بەرز لەگەڵ یانەکەی پێشـکەش بکات، ئاردا تۆرانی یاریزانی تورکی بە هەڵەیەکی دیکە ئەو هاندەرانەی یانەی کەتالۆنی زیاتر لەخۆی تووڕەکرد، کاتێک لەسەر تویتەر لایکێکی بۆ وێنەیەک کرد کە بریتی بوو لە درێسی یانەی ریال مەدریدی رکابەری تەقلیدی یانەی بارسێلۆنا، ئەو درێسەی لۆگۆی نازناوی یانزدەمینی چامپیۆنسلیگی لەسەربوو، ئەمەش کەتالۆنییەکانی زۆر تووڕە کردووە، چونکە پێیوانوایە ئەم هەڵوێستەی تۆران جۆرێکە لە خیانەت.



زۆرترین گەشتی لە جیهاندا کردووە..

# ریال مەدرید سەردانی 231 شاری کردووە

رووداوی وەرزشی ـ LALIGA4EVER

یانەی ریال مەدرید ئیسپانی، دوای ئەو کەمپە راهێنانییەی لە کەندا ئەنجامی دا لە هەفتەی رابردوو، پاشان رووی کردە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە ئێستاشەوە، بووە یەکەم تیپی تۆپی پێ کە زۆرترین گەشتی لە سەرتاسەری جیهان کردبێت.

بە گوێرەی رۆژنامەی مارکای ئیسـپانی، ریال مەدرید بە درێژایی مێژووی خۆی سـەردانی 231 شاری جیاوازی کردووە، ئینجا چ بۆ ئەنجامدانی یاری یان کەمپی راهێنانی ئامادەسازیی بێت، بەمەش بووە یەکەم تیپ، کە زۆرترین گەشتی لە نێو شارەکانی جیهاندا کردبێت. ئەو ژمارەیـە زیـادی کرد کاتێک ریال مەدرید بەرامبەر یانەی پاریس سـانجێرمانی فەرەنسـی لە چوارچێوەی یارییەکانی پاڵەوانیەتی دۆستانەی نێودەوڵەتی، رۆژی 2016/7/28 لەسەر یاریگەی ئۆهایۆ لە ویلایەتی ئۆهایۆی ئەمریکی یاریکرد.

لە میانی چەندین ساڵی باڵادەستی مێرینگی بەسەر ئەورووپا، لە چەندین وەرزدا ریـال مەدریـد بۆ یەکەمجار لە چەند شـارێکی تـازە دەردەکەوت، هاوشێوەی وەرزی رابردوو لە چوارچێوەی چامپیۆنسلیگ، کاتێک ریال مەدرید بۆ یەکەمجار لە شاری لڤیڤی ئۆکرانی بەرامبەر شاختار دۆنیتسـکی ئۆکرانی یاریکرد، بێجگە لە چوونی بۆ شـاری مالمۆی سـوێدی بۆ یەکەمجار، بۆ یاریکردن بەرامبەر تیپی مالمـۆ لە هەمان پاڵەوانیەتیـدا. هەروەها ریال مەدرید پێش سەرەتای هەموو وەرزێک، بۆ ئەنجامدانی کەمپی ئامادەسـازیی بۆ وەرزی تازە سەفەر دەکات، وەک ئەوەی ئەم وەرزە و وەرزی رابردوو کردی.



# کۆنتی کار لەسەر 2 خاڵ دەکات

هەوراز کاوە

هەمـوومـان پێمانوایـە ئەنتۆنیۆ کۆنتـی، گیانێکی دیکە دەکاتەوە بەر یانەی چێڵسـی ئینگلیـزی، بەتایبەتـی لە لایەنی هەوڵدان و تێکۆشـان، هەروەها ئەو راهێنەرە توانای هەیـە بە یاریزانە ئاسـت ناوەڕاسـتەکان لایەنی هێرشـبردنی زیادبـکات. کۆنتی، لە شەحنکردن و بەردەوام تێکدانی یاری تیپی دژو تۆپ هێشتنەوە، یەکێکە لە نموونە دیارەکانی یاریگەکانی ئێستای جیهان.

راهێنەری نوێی چێڵسـی دەوێت نەخشەیەکی نوێ لە یانەکەیدا بەرجەستە بکات، کە دوور نییە ئاراستەی تیپەکەی لە نەخشەی (4 ـ 2 ـ 3 ـ1) خۆی ببینێتەوە، ئەو پلانەش بەشێوەیەکی دروست یاریزانەکان لە جێگای خۆیدا دەهێڵێتەوە، بەتایبەتی لە کاتی رۆیشتن و هاتنی یاریزانەکان، کاتێک لە شوێنی یاریکردنی خۆیاندا نامێننەوە. ئێسـتا تیپەکـە چەندین یاریزانی باشـی هەیە، کە ئاسـتیان دابەزیووە، چەشـنی هێرشـبەر دییگۆ کۆسـتا، کە راهێنەر پلانی سەرەکی ئەوەیە جارێکی دیکە سوود لە توانستی ئەم گۆڵکارە لە ناوچەی بۆکسدا بەدەستبێنێتەوە، هەروەها لاوازی ئیدین هازارد یەکێکە لە خاڵە بنەڕەتییەکانی کۆنتی، کە کاری جددی لەسـەر دەکات بۆ ئەوەی هەموو لاوازییەکانی لە سەنتەری یاریگەدا بەخێر بۆ تیپەکە بشکێنێتەوە.

یانـەی بلـوز، لە لەنـدەن خاوەنی ئەکادیمیایەکی باشـە، کـە یەکێکە لە فێرگـە دیارەکانـی ئـەو وڵاتـە، بەتایبەتی یاریزانـە لاوەکانی ئـەوێ خاوەنی بردنـەوەی نازنـاوی خولی ئینگلیزی و دوو جامی یانـە پاڵەوانەکانی ئەورووپان، بۆیە راهێنەری تیپی یەکەم هەندێک لەو یاریزانە لاوانەی هێناوەتە ژێر باڵی تیپی یەکـەم، بەئومێدی ئەوەی لەگەڵ لایەنە ئەزموونداره‌کان تیپێکی باشـیان لێدروسـت بکات، بەتایبەتی لەنێو کێبڕکێکانی خولی ئینگلیزی. کۆنتی، لە رۆژی یەکەم جەختی لەسـەر ئەوە کردەوە کە لایەنی جەسـتەیی و هزری یاریزان بۆ ئەو گرنگە، بۆیە بڕیاریدا رۆژانە دوو گەشتی مەشق و راهێنانیان هەبێت، چونکە ئەو پێیوایە بازنەی خولی ئینگلیزی پێویسـتی بە ماندوویەتی و خولانەوەی بەردەوام هەیە، هەروەها لایەنی هۆش و بیری یاریزان یەکێکـە لـەو چەمکانەی راهێنەر کاری جددی لەسـەر دەکات، بۆ ئـەوەی هیچ کات، یاخود لە دۆخی شـەڵەقانی تیپەکـەدا، یاریزانەکان بە ناجێگری یاری نەکەن، بەڵکو هەموو پەیوەسـت دەکات بـەو دەقـەی تیپەکە لەسـەری کاردەکـەن، هەروەها کۆنتی نایەوێـت یاریزانی دەروون بـارگاوی هەبێـت، بەڵکـو کارکـردن و جەختکردنەوەی ئەو تەنیـا بەردەوامییە بـە یاریکردن بەشێوازی هێمن و دوورکەوتنەوە لە پاڵەپەستۆی گوشاری تیپی دژ.



# تێکەڵەیەکە لە نەیمار و ڕۆبینیۆ

## گابرێل خیسۆس..

ئا: ڕەمزی میرەکانی

یانـەی مانچسـتەر سـتی ئینگلیـزی، توانـی تواناکانـی بەهرەمەندترین یاریزانـی بەرازیلـی بەدەسـتبێنێت، پـاش ئـەوەی لەسـەر داوای پیـپ گواردیۆلا، گرێبەسـتی لەگەڵ هێرشـبەری هەڵبـژاردەی ئۆلۆمپی بەرازیل، گابرێـل خیسـۆس واژووکرد، کـە بە بەهای 27 ملیـۆن پاوەنـد و بۆ ماوەی 4 سـاڵ و نیو لە یانەی پالمێراسـی بەرازیلییەوە، ڕوو دەکاتە مان ستی، بەڵام دەبێت تاوەکو کانوونی دووەمی داهاتوو چاوەڕێ بکات، تاوەکو خیسۆس کاروانی لەگەڵ پالمێـراس کۆتایـی پێدێنێت، پاشـان ڕوودەکاتە یاریگەی ئیتیحاد.

### گۆڵکارێکی خۆڕسکە

ئەو یاریزانە لاوە لە شاری ساوپالۆی بەرازیل لەدایکبووە، لەسەر شەقامەکانی (گاردیم بێری) دەستی بە یاریکـردن کردووە، سـاڵی 2013 لە تیپێکی ئارەزوومەندانـەوە ڕووی کردووەتە ڕیزەکانـی پالمێـراس، هەر زوو خـۆی وەک بەهرەمەندێکـی موشـەکی لەگـەڵ تیپـی لاوان پێشـکەش کرد، بەڵکو توانی ببێتە گۆڵکارێکـی کـەم وێنـە و لـە یەکـەم وەرزیـدا توانی 54 گـۆڵ لە 48 یاری تۆمـار بکات. درەوشـانەوەی پاڵی بە پالمێراسەوە نا گرێبەستێکی پیشـەگەریی لەگـەڵ واژوو بـکات لە سـاڵی 2015، یەکەم دەرکەوتنیشی لەگەڵ تیپەکەی لە وەرزی رابـردوو بوو، تیپەکەی لەسـەر مانەوە لە ریزی یانە پلە یەکەکان دەجەنگا، کەچی خیسـۆس لەگەڵ تیپەکەی بەشـداری ئەو جەنگانـەی نەکـرد، هەرچەنـدە بەشـێکی زۆری هاندەران داوایـان دەکرد یاری پێبکەن، دەرفەتی خۆی وەگرت ئەوکاتەی راهێنەر لە خولەکی 73ی یاری براگانتینۆ لە مانگی ئاداری 2015 بەشداری پێکرد، لەو یارییەی پالمێراس بە ئەنجامی 1 ـ 0 گۆڵ بردییەوە.

### داهێنانی بەردەوام و کاریگەری

داهێنانەکانی خیسۆس بەردەوام بوون، کاتێک بووە گۆڵکاری پاڵەوانیەتی ساوپاولۆ، بۆ تەمەنی خـوار 20 سـاڵی، بەمـەش پێگەی خـۆی وەک درەوشاوەترین یاریزانی لاو لە بەرازیل قایمتر کرد، دوو گۆڵیشـی لەو یارییە تۆمارکرد، کە پالمێراس بە ئەنجامی 3 ـ 2 گۆڵ لە کرۆزیرۆی بردەوەو خۆی گەیاندە قۆناخی چارەگی کۆتایی پاڵەوانیەتییەکە، خیسۆسیش خەڵاتی باشترین یاریزانی تازەهاتووی بـۆ خولـی پلـەی یەکی بەرازیـل وەرگـرت. ئەو هێرشـبەرە درەوشـاوەیە توانی 10 گـۆڵ لە 16 گـەڕی خولی بەرازیل تۆمار بـکات، بەڵام بەهۆی بەشـداریکردنی لـە ئۆلۆمپیاد لەگـەڵ هەڵبژاردی بەرازیل لە یارییەکانی تیپەکەی دادەبڕێت.

### لەگەڵ سامبا

داهێنانەکانـی خیسـۆس وایانکـرد ببێتـە ئەندامێکـی کاریگـەر لـە ریزەکانی هەڵبـژاردەی نیشتمانیی بەرازیل، تاوەکو ئێستا بەشداری لە 4 یاری لەگەڵ هەڵبژاردەی بەرازیل بۆ تەمەنی خوار 23 سـاڵی کردووە، لەگەڵ هەڵبـژاردەی بەرازیل بـۆ تەمەنـی خوار 20 سـاڵیش لە سـاڵی 2015 گەیشـتە یاری کۆتایی. خیسـۆس یەکەم گۆڵی لە پاڵەوانیەتییەکە لە یاری بردنەوەی سـامبا 4 ـ 2 گۆڵ بەسەر نایجیریا تۆمارکرد، بەڵام نەیتوانی هیچ بکات ئەوکاتەی بەرازیل یاری کۆتایی بەرامبەر سـڕبیا بـە ئەنجامی 1 ـ 2 گـۆڵ دۆڕانـد. دوای پێکانی یاریزانی بایرن میونشـن، دۆگلاس کۆسـتا و دوورکەوتنەوەی لە یاریگەکان، دۆنگای راهێنەری هەڵبژاردەی بەرازیل بانگهێشـتی کرد، بۆ ئەوەی ببێتـە یاریزانێک لە پێکهاتـەی کاتی پێکهاتوو لە 40 یاریزان بۆ کۆپا ئەمریـکا، بـەڵام لەبەر پێنەدانی ڤیـزا بۆ چوونە نێو ئەمریـکا، بووە هۆکاری دابڕانی لە پێکهاتەی کۆتایی.

### شێوازی ڕۆبینیۆ

ئـەو ئەسـتێرە بەهرەمەنـدە زۆر لـە هاونیشتیمانیەکەی ڕۆبینیۆ دەچێت، لە شێوازەکانی یاریکـردن کـە لەسـەر یاریگە بەکاریـان دێنێت، پشـت بە فێڵکـردن و لێهاتوویی و نمایشـکردن بەیەکەوە دەبەستێت، بێجگە لەو متمانە گەورەیەی بەدەسـتیهێناوە، هەرچەندە تەمەنیشی بچووکە، تۆماری گۆڵەکانیشی لە وەرزی رابردوودا بەڵگەی ئەوەن، خیسۆس بەوە ناسراوە کە لە یاریکردن بە یاریزانان زۆر لێهاتووەو لە هێرشـی هەڵگەڕاوەشدا زۆر کاریگەرە.

### لەگەڵ ستی چۆن دەبێت؟

خیسۆس کە بە «نەیماری تازەش» ناسراوە، خاوەن بەهرەیەکی بێهاوتایە و توانای ئەوەی هەیە، ببێتە کەسایەتییەکی گرنگ لە یانە ئینگلیزییەکەدا، نەخاسمە لەژێر سەرپەرشتی گواردیۆلا، کە پێشتر باشـترین بەهرەمەندەکانـی جیهانـی لـە باوەش گرتووە، لەمیانی راهێنەرایەتیکردنی بارسـێلۆنا و بایرن میونشندا، لەگەڵ گواردیۆلا لەو کەش و هەوا باشتری دەسـتناکەوێ، بۆ ئـەوەی ڕێچکەی خـۆی بگرێـت و ببێتـە شـوێنگرەوەی دیـاردەی بەرازیـل ڕۆناڵـدۆ، کـە پێشتر ڕۆناڵدۆ وای وەسـف کردبوو.




بالانسەکەت کۆتایی هاتووە و دەتەوێ پەیوەندی ئەنجام بدەی؟
لەگەڵ خزمەتگوزاری "گفتوگۆکەت تەواو بکە" لە کۆرەک، دەتوانی سوود لە بالانسی زیادکراو وەرگریت.
- بۆ کاراکردنی خزمەتگوزاری "گفتوگۆکەت تەواو بکە" پەیوەندی بکە بە #202*
- بڕی بالانسی زیادکراو 600 د.ع.
- هەرکاتی بالانسەکەت بۆ جاریکیتر پڕبکەیتەوە ئەوا بڕی بالانسی زیادکراو لە بالانسەکەت کەم دەکرێتەوە.
- بالانسی زیادکراو بۆماوەی 3 رۆژ بەردەست دەبێت
- نرخی خزمەتگوزارییەکە 120 د.ع.
- ئەم خزمەتگوزارییە بەردەست دەبێت بۆ سەرجەم بەشداربووانی پریپەید لەنێو تۆڕی کۆرەک
  - دەبێ بالانسەکەت لە 60 د.ع کەمتر بێت.
  - دەبێ پێشتر هێڵەکەت بەلایەنی کەم 3 جار پڕکردبێتەوە.
  - نابێت بەشداربوو هیچ قەرزێکی دیکە لە ئەستۆ مابێت.

بوێربە خەون ببینە

korektel.com
411

رووداو وەرزشی
ژمارە (412)
سێشەممە 2016/8/16



## بە مەرجە

سەرچاوەیەکی نزیک لە هەڵبژاردەی ئەرجەنتین، ئاشکرایکرد لیۆنێل مێسی ئەستێرەی ئەرجەنتینی لە شاری بارسێلۆنا لە کاتی کۆبوونەوە لەگەڵ ئیدواردۆ باوزای راهێنەری نوێی هەڵبژاردەی ئەرجەنتین، مەرجی بۆ گەڕانەوە بۆ ریزەکانی هەڵبژاردەی تانگۆ داناوە، باوزا پێی رازیبووە ئینجا مێسی بڕیاری گەڕانەوەی داوە. بەپێی ئەو سەرچاوەیە مێسی بە باوزای گوتووە «من زۆر بێزارم لە یەکێتی تۆپی پێی ئەرجەنتین، بە مەرجی ئەوە دەگەڕێمەوە کە چیدی دەست نەخاتە نێو کاروباری هەڵبژاردەی ئەرجەنتین». هەروەها سەرچاوەکە دەشڵێت «باوزاش بەڵێنی بە مێسی داوە رێگە نەدات کەس دەست بخاتە نێو کارەکانی هەڵبژاردەی تانگۆ».



رێبوار محەممەد

## سوپاس بۆ باوکی شاجوان و ئەوانی دیکەش

کە لە سلێمانی بووم بۆ تۆمارکردنی وەرزین لەسەر یارییەکانی ناو ئاو و یارییە سیانییەکان، کۆمەڵێک وەرزشوانی ئافرەت سەرنجیان راکێشام. ئەوان بەهرەی نایاب و ئاستی بەرزیان لە مەلەوانی و پایسکلسواری و راکردندا پێشکەشدەکرد، بەڵام ئەوەی زیاتر سەرنجی منی راکێشا، بوونی دایک و باوکی ئەو کچانە بوو لە مەشقەکاندا.

جێگەی سەرنج بوو لە ژێر پلەی گەرمای 45ی شارۆچکەی دووکان و سلێمانیدا و لەسەر ئاوی دەریاچەی دووکان، کچان و کوڕان ببینی مەشقدەکەن و بە حەز و خولیایەکی زۆرەوە خۆیان بۆ رکابەرییەکان ئامادە دەکەن و باکیان بە گەرمای سوتێنەر و خۆری تاقەت پڕوکێن نەبێت.

لەوێ، لە کاتێکدا جەستەی کچ و کوڕە تەمەن 14 و 15 ساڵییەکان، لە ژێر ئازاری ماندوویەتی و فشاری مەشقدا دەیانناڵاند، باوکان و دایکانێکم دەبینی خۆیان داوەتە بەر گەرمای تاقەتپڕوکێنی ئەو رۆژانەی مانگی ئاب و لە دڵەوە هانی منداڵەکانیان دەدەن.

دایک و باوکەکان نهێنی گەورەی پشت درەوشانەوەی زۆر کەسایەتی مەزنن، من ئەگەر خۆم ئەوەم بۆ منداڵەکانم پێنەکرابێت، لە ئاستیاندا شەرمەزارم، بەڵام هەموو ئەو دایک و باوکانەی بۆ سەرخستنی منداڵەکانیان لە خۆیان دەبوورن، جێگەی رێز و مایەی ستایشی منن.

ئەوە هەر لە کوردستان وانییە، کاتێک کتێبەکەی مەلالا یوسفزای پاکستانی دەخوێنیتەوە، ئەو کچەی لەسەر خوێندن و سووربوون لەسەر فێربوون و مێشککردنەوە، بووە قوربانیی دەستی عەقڵ تاریکەکانی تاڵیبان، لەوێدا لەوە تێدەگەیت باوکی مەلالا، نموونەی باوکی کۆڵنەدەر و قوربانیدەرە، ئەوەی مەلالا لە ئازایەتی و بەگژداچوونەوەی تاڵیباندا کردوویەتی و ئەوی گەیاندە وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی، لاساییکردنەوە و شوێنپێهەڵگرتنی باوکیەتی کە چەندین ساڵ خۆی بەدەستی هەڕەشەکانی تاڵیبانەوە نەداوە.

لە سلێمانی نیوەڕۆخوانێکمان لە ماڵی شاجواندا هەبوو، ئەو کچۆڵە ناسکەی لەلایەن بەهرۆزی باوکییەوە تاسەر ئێسقان پشتگیری دەکرێت.

شاجوان لە ماڵێکی مام ناوەندی سلێمانییەوە هاتووە، ئەو هێشتا لەسەرەتای تەمەنیدایە، بۆی هەیە بە ئاسانی لە هەموو حەز و خولیایەک داببڕێنرێت و بەندی کونجی ماڵەوە بکرێت، بەڵام باوکی ئەو، لێبوردووانە بۆ هاندانی کچەکەی، بۆ پشتگیریکردن و پەرەپێدانی خولیاکانی، رۆژانە ئامادەیە دەست لەکارەکەی خۆی کە سەرچاوەی بژێویەتی هەڵبگرێت و کۆڵان بە کۆڵان و شەقام بە شەقامی شار تەی بکات، تا شاجوان مەشقەکانی بکات.

ئەوەی قوربانیدان بەرهەمیدەهێنێت، هەمیشە جێگەی شانازی مرۆڤە و دەبێتە سەرگوزشتە ودەگێڕدرێتەوە.

ئەوەی لەوێ دەیبینی، بێگومان لە شوێن و جێگەی دیکەش هەن، بەڵام هەقی ستایشە کاتێک دەبینی دایکێک قیروسیای لە گەرما و پشووی نیوەڕوانی هاوین و هەتاو و رێگەی دووری نێوان سلێمانی و دووکان کردووە و هاتووە بەردەوام هانی کچەکەی دەدات و لە هەموو ماندووبوون و بێتاقەتییەکدا هاوکاری دەکات و ورەی بەرز دەکاتەوە.

وەرزشی ئێمە کە چەقبەستووی دەیان گرفت و دەردە، پێویستی بەو جۆرە دایک و باوکانە هەیە، ئەو دایک و باوکانەی لە خۆیان دەبوورن تا منداڵەکانیان دەبنە ئەستێرە. ئاخر سیرینا ویلیامزیش بێگومان خاوەنی دایک و باوکێکی وا بووە، باوک یان دایکێک، لە رێگەی منداڵەکانییەوە چیرۆکی سەرکەوتنی خۆی دەنووسێتەوە.

### خێزانێکی تورکیا حاشایی لە کوڕەکەیان دەکەن..

# یاریزانێکی NBA دەبێتە قوربانی سیاسەت



**رووداوی وەرزشی ـ DW**

ماڵپەڕی فۆرین پۆلیسی ئەمریکی راپۆرتێکی لەسەر یاریزانێکی باسکەی تورکی بڵاوکردەوە، کە لە خولی NBAی ئەمریکی یاریدەکات و نووسیویەتی «خێزانێکی تورکیا حاشا لە کوڕەکەی دەکات، کە لە خولی NBAی ئەمریکی یاری دەکات، لەبەرئەوەی لایەنگری فەتحوڵڵا گولەنی نەیاری رەجەب تەیب ئەدۆگانە».

بەپێی ئەو ماڵپەڕە دوای ئەو کودەتایەی لە تورکیا شکستی هێنا، هەڵوێستی زۆر لە کەسایەتییە بەناوبانگەکانی ئەو وڵاتە هەرای هێنایەوە، یەکێک لەوانەش ئینەس کانتەری یاریزانی باسکەی بەناوبانگی تورکیایە، کە لە خولی NBA ی ئەمریکی یاریدەکات و بەئاشکرا بەرگری لە فەتحوڵڵا گولەن کردو ئەوەی رەتکردەوە کە گولەن لەپشت ئەو کودەتایەوە بێت، ئەمەش ماڵباتی ئەو یاریزانەی زۆر تووڕەکرد، تا ئەو رادەیەی بە ئاشکرا حاشایی لە کوڕەکەیان بکەن. بەپێی ماڵپەڕی فۆرین پۆلیسی ئەمریکی، محەممەدی باوکی ئینەس نامەیەکی لە رێگەی رۆژنامەی دایلی سەباحی تورکی بڵاوکردووەتەوە تێیدا بە ئاشکرا حاشایی لە کوڕەکەی دەکات بەهۆی هەڵوێستە سیاسییەکەی و نووسیویەتی «ئیدی ئینەس کوڕی من نییە، چونکە ئەو بە هەڵوێست و رەفتارە نامۆکانی ماڵباتی خۆی تووشی شەرمەزاری کردووە، بەداخەوە شوێنکەوتووانی گولەن فێڵیان لێکردووەو لەخشتەیان بردووە». ئینەس، کە ئێستا بۆ یانەی ئۆکلاهۆما ستی لە خولی NBAی ئەمریکی یاری دەکات، لە تویتەرەکەیدا نووسیویەتی «لەمەودوا ماڵباتی حاجی گولەن ماڵباتی منە». پێشتریش رایگەیاندووە کە بەچەندین شێوە هەڕەشەی کوشتنی لێکراوە.

### پێشبڕکێ



**بە کورتترین و جوانترین لێدوانت لەسەر ئەم وێنەیە خەڵات وەربگرە**

کورتە نامەیەک لەگەڵ ناوی خۆت بنێرە بۆ ژمارە تەلەفۆنی:

**0750 833 3555**



براوەی پێشبڕکێی ژمارەی پێشوو

کارزان جەمشید لە هەولێر

بە لێدوانی:

**( پستەپست بەسە نەیمار، ئاشکرایکە عەیب و عار )**

رووداو وەرزشی
ژمارە (412)
سێشەممە 2016/8/16

## 2 LOTTO پەنجاو یەکەمین پێشبڕکێ

شەش کۆبۆنی یەک بەدوای یەک، واتا هی شەش ژمارەی لە دوای یەک بە ناو و ژمارەی تەلەفۆنی خۆت پڕ بکەرەوە و بیگەڕێنەرەوە بۆ ئەو شوێنەی (رووداوی وەرزشی)ت لێکڕیوە. بەو جۆرە لەتیروپشکی بردنەوەی لۆتۆی رووداوی وەرزشی بەشداربە.

خەڵاتەکان:

1 ـ ئامێری رۆیشتنی کارەبایی
2 ـ تەلەفزیۆنی LCD
3 ـ کۆمپیوتەری لاپتۆپ
4 ـ کۆمپیوتەری دیسکتۆپ
5 ـ ئامێرەکی تەلەفونی مۆبایل

ناو: ..............................

مۆبایل: ..............................

(رووداوی وەرزشی) بخوێنەوەو خەڵات ببەرەوە




RÛDAW
(رووداوی وەرزشی) رۆژنامەیەکی هەفتانەیە کۆمپانیای رووداو بە سپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم، هەموو رۆژانی سێشەممە دەریدەکات
لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارەی متمانەی (160) تۆمارکراوە
www.rudaw.net
سەرنووسەر: ئیحسان تاهیر محەممەد
e-mail:ihsan@rudaw.net - 0750 454 71 68
ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قرگەیی
بەرێوەبەری هونەری: حوسێن هیمەتی
دیزاینەران: هونەر مەرجان ـ شاهۆ محەممەد

هەموو دووشەممەیەک بخوێنەوە
رووداو هەمووان گەنجتر دەکاتەوە